# توندوتیژی هەست پێکراو

**هانا شوان**


﴿توندوتیژی هەستپێکراو﴾

بابەت: ئامار

توێژەر: هانا شوان

هەڵەبڕی: ئاڤان فەتاح

دیزاین: ئاراس حەسەن

چاپ: چاپخانەی بینایی

تیراژ: (٥٠٠) دانە

پرۆژەی بەچاپگەیاندنی (٣٠) کتێب

ژمارە(٦)

چاپی یەکەم ٢٠٠٧



ئەدرەسی ئەلەکترۆنی:

genderkurd@yahoo.com
genderkurd@hotmail.com

ویبسایت

www.genderkurd.net
www.gendar.net

ئەدرەس: کوردستان– سلێمانی– ئاشتی

Normal: ٣٢٩٠٥٨٨

Asia cel: ٠٧٧٠٣٥٢٢٢٠٠

Sana tel: ٠٧٣٠١٠٩٢٧٣٤



(مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ سەنتەری نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر)

# پێرست

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی.......................................... | ٥ |
| پێناسەی خێزان................................. | ٧ |
| فۆڕمی کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە توندو تیژی (نەبینراو/هەستپێکراو) بەرامبەر بەژنان بەمەبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەك ..... | ٩ |
| شیکردنەوەی هەریەك لەخاڵەکانی فۆڕمەکە............ | ١٣ |
| ڕێژەی هەریەك لەشێوازەکان کەبەپێی ئەو ئامارانە کۆکراونەتەوە... | ٢١ |
| توندوتیژی لەکورتترین پێناسەدا................... | ٢٨ |
| هێنانەدی ئامانج.................................. | ٢٩ |
| چەند نموونەیەك لەسەر توندوتیژی..................... | ٤١ |
| سەرئەنجام............................................. | ٤٦ |
| سەرچاوەکان....................................... | ٤٧ |
| پوختەی لێکۆڵینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی........ | ٥٠ |

**پێشەکی:**

دەستدانە هەر بابەتێك یان هەوڵدان بۆ راڤەکردنی هەر چەمکێك کەدەکەوێتە پانتاییەکی کۆمەڵایەتییەوەو رەهەندێکی کۆمەڵایەتی هەیە، بۆ ئەو راڤەکردنە کۆمەڵێك پێداویستیو رێگر دێنە پێشەوە. گەر ئەو راڤەکردنە ببێتە ئامانج ئەوا بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بەندە بەئاستی رۆچونی ئەو حاڵەتەو ئاوێتەبوونی لەنێو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵگایەدا. راڤەکردنی هەر پنتێك لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت، هاوتەریب لەگەڵ ئەوەشدا ئاستەنگەکانی بەردەم ئەو راڤەکردنەش دەگۆڕرێت. ئەوەی من مەبەستمە تارادەیەك هەوڵدانە بۆ دەستخستنە سەر زامێکی ئەم کۆمەڵگایەو دیاریکردنی یەکێك لەدەردە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئێمە (کەبێگومان بەشێوەو رەنگی جیاواز لەکۆمەڵگای تردا هەیە)، ئەمەش بەپشت بەستن بەدیاریکردنی هۆکارەکانی ئەو حاڵەتەو خستنەڕووی ئاماری تایبەت بەو حاڵەتەو دەرئەنجامەکانی بوونی حاڵەتەکەو دەرهاویشتەکانی لەسەر کۆمەڵگا. ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا شەنو کەو دەکرێت حاڵەتێکی بەرهەستە نەك بەرجەستە واتە





حاڵەتێکی هەست پێکراوەو دەبێت درکی پێبکرێتو بتوانرێت شێوەو شێوازی دیارییبکرێت. ئەویش شێوازێکە لەتوندوتیژی کەناوی دەنێین ( توندو تیژی نەبینراو) واتە توندو تیژییەك تەنها هەستی پێدەکرێتو نیشانەیەکی دیاری نییە بەواتایەکی تر لەوانەیە کەسی بەرامبەر(هەرکەسێك بێت) نیشانەیەکی ئەوتۆ بەدینەکات لەوانەیە قوربانییەکە خۆشی هەستی پێنەکات، بەڵام ماکەکانی زیاتر لەدەروونەدا خۆی بەیاندەکاتو تێکەڵەیەك لە(شەرم و ترس و بێئومێدیو بێئیرادەیی .....تد) دەروونی قوربانییەکە دەکەنە مەیدانی شەڕێك کەهیچ دوور نییە دەرئەنجامەکەی خۆکوشتن یا خۆسوتاندنی لێبکەوێتەوە، تەنها دەروازەش بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە دەزگای "خێزان"ە هەر بۆیە رامانو شیکردنەوەی ئەم دەزگایە دەکەمە سەرەتای پانتاییەکانی لێکۆڵینەوەکە ئەمەش لەو بنەمایەوە کەچۆنیەتی دروستبوونی خێزان پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەیە لەگەڵ جۆری توندوتیژیو تەنانەت دەکرێت ببێتە یەکێك لەسەرچاوەکانی.

**پێناسەی خێزان:**

خێزان ئەو یەکە تایبەتەی کۆمەڵە کەسەرچاوەی هەموو رەهەندەکانی چۆنیەتی ژیانی تاکو ئایندەیەتی، ئەو دەزگا تایبەتیەی کەجگە لەدابینکردنی ئاسودەیی "بۆتەی پەروەردەکردنو رەنگرێژکردنی زۆرینەی سیفەتەکانی (تاك)ەو هەموو ئەوانەی پێشتر لەپێناسەکەدا هاتوون لەخێزانێکەوە بۆ خێزانێکی تر دەگۆڕێت".

**ئەرستۆی خوێندکاری ئەفلاتون( ٢٢٢ _٣٨٢پ) دەڵێت:**

((خێزان یەکەم یەکەی کۆمەڵایەتییەو پێداویستییەکی سەرەتایی هەیە کەدەخوازێت دوو بوونەوەر "کەهەر یەکەیان بێ ئەویدی ناژی بەیەکەوە بن یان کۆببنەوە کەژنو پیاوە". خێزان ناوەندی راستەقینەی هاتنەدی ژیانی کۆمەڵایەتییە ئەم خێزانەو خێزانەکانی دی (دێ) پێکدەهێنن)).

**جان جاك روسۆ (١٧١٢_١٧٧٨ ) دەڵێت:**

"تاك لەخێزاندا لەدایکدەبێت، خێزان یەکەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایە"





ئۆگەست کۆنتی زانای کۆمەڵناسی فەرەنسی (١٧٩٨_١٨٥٧) دەڵێت:

"خێزان بنەمای ژیانی مۆرالی تاكو ژیانو سیاسەتیەتی، لەهەمانکاتدا خێزان لەمانای گشتی خۆیدا چەمکێکی جیهانییە، خێزان لەهەموو شوێنێکدا بوونی هەیە، چونکە وەڵامدەرەوەی کۆمەڵێك پێداویستییە کەبۆ سەرجەم تاکەکان هاوبەشە، مرۆڤ لەخێزانەوە دەست پێدەکاتو ئەو تۆڕە پەیوەندییەی هەیەتی لەخێزاندا هەژمونی خۆی بەسەر سەراپای ژیانی ئەو تاکەدا هەیە ئەوەی کەهەیە دووپاتدەبێتەوە".

لەسەرجەم کۆمەڵگاکاندا خێزان هەیەو تاکەکانی کۆمەڵگا لەخێزانەوە ژیان دەستپێدەکەن.

ئەوەی لێرەدا مەبەستەو تیشکێکی دەخەینە سەر ئەو خێزانەیە کە لەدوو هاوسەر پێکدێتو لەچوار چێوەی ئەو جۆرە خێزانەدا، هاوسەرگرتن بەواتای (پەسەندکردنی پێگەیەکی نوێیە)و بەهەموو ئەو ماناو دەلالاتانەوە کەکۆمەڵگە پێیدەبەخشێتو تیایدا شەرعیەت بەئەنجامدانی( پەیوەندییە سێکسییەکان) دەدرێت.

لێرەوە ئێمە بۆ باسکردن لەخێزان لەکۆمەڵگای کوردەواریدا دەبێت بچینەوە ناو وردەکارییەکانو ئەو شێوازانەی کە لەکۆمەڵگای ئێمەدا باوە. واتە شێوازەکانی دروستبونی خێزان بێگومان بۆ دەستبردن بۆ هەر لایەنێکی ئەم جۆرە خێزانە پێویستە ئەوە شیبکەینەوە کەسەرەتای بونیاتنانی ئەو جۆرەخێزانانە چۆن بووە :

بۆ دیاریکردنو وەرگرتنی ئاماری تەواو لەسەر هەموو ئەو تەوەرانەی باسمان کردون بەباشمان زانیوە فۆڕمێك ئامادەبکەین، ئەم فۆرمە لەلایەن (٥٠٠) ژنەوە پڕکراوەتەوە، قۆناغ بەقۆناغ وەڵامو ئامارو شیکردنەوەکان دەخەینەڕوو(فۆرمەکە بەم شێوەیەیە ):

**فۆڕمی کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بەتوندو تیژی (نەبینراو/ هەستپێکراو) بەرامبەر بەژنان بەمەبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەك:**

تەمەن/

پیشە/

ئاستی خوێندەواری/

شوێنی لەدایکبوون/

شوێنی نیشتەجێبوون/





١/ ئەو کاتەی کەشووت کرد تەمەنت چەند بوو؟

٢/ چەند ساڵە خێزانت پێکەوەناوە؟

٣/ شێوەی شووکردنت چۆن بوو؟

* ژن بەژن
* بەمندالّی لێی مارەکراوی
* هەرشێوەیەکی تر
* تۆیان بۆ دۆزیوەتەوە
* پەیوەندی خۆشەویستی هەبووە
* بەزۆری کەس‌وکار
* بەویستی خۆت بووە
* بەرێکەوت

٤/ لەژیانی خێزانیتدا بەختیاریت؟

بەڵێ/ نەخێر/

٥/ بەختیاری لەچیدا دەبینیت؟

* خۆشەویستی
* سامانو پارە
* پلەو پایە
* گونجاندنو لەیەکگەیشتن

٦/ لەخێزانەکەتدا رووبەڕووی توندو تیژی بویتەتەوە؟

بەڵێ/ نەخێر/

لەلایەن کێوە؟

هاوسەر/ماڵی خەزور/کێی تر/

٧/ پێت وایە بۆچی توندو تیژیت بەرامبەر دەکرێت؟

٨/ کام لەم شێوازانەت لەبەرامبەردا بەکارهاتووە؟

* جنێودانو سوکایەتی پێکردن
* شکاندن لەبەردەم خەڵکدا
* هەرەشەکردن بەهێنانی ژنی دووەم
* قسە لەگەڵ نەکردن
* مەسرەف نەکردن
* نەهێشتنی چوونەدەرەوە
* توڕەبوون لەپێش چاوی منداڵەکان
* شەرمەزارکردن بەو شتانەی پێش هاوسەرێتی روویانداوە
* سەرجێگایی نەکردن
* کردنەدەرەوە
* لێدان

٩/ ئەوەندەی بزانیت هاوسەرەکەت لەمنداڵیدا توندوتیژی بەرامبەر کراوە؟

بەڵێ/نەخێر/





١٠/ لەلایەن کێوە ؟

دایك /باوك /باوەژن /

١١/ کاتێك توندو تیژیت بەرامبەر کراوە هەستت چی بووە؟

١٢/ پەرچە کردارت چی بووە؟ چیت کردووە؟

١٣/ پەرچە کردارت بەرامبەر بەکێ هەبووە؟

هاوسەر/منداڵەکان/کێی تر/

١٤/ چ رێگەیەك بەباش دەزانیت بۆ کەمکردنەوەی توندو تیژی لەلایەن هاوسەرەوە؟

١٥/ کام لەم لایەنانە بەبەرپرسی راستەوخۆی کەمکردنەوەی ئەم مەسەلەیە دەزانی؟

یاسا/

ئاین/

رێکخراوەکانی ژنان/

بێگومان بۆ کارکردن لەسەر ئەو مەسەلەیە بەپێویستم زانی کەژنان بدوێنمو فۆرمەکانم بۆ پڕبکەنەوە گەرچی زەحمەتە لێرەدا ئاماژە بەوە بدەم کەتەنها ئەو ژنانەی دانیشتووی شارن فۆرمەکانیان پڕکردووەتەوە نەک دانیشتوی لادێ (بەڵام پانتایی کارکردنەکە لەپاریزگای سلێمانیە) چونکە زۆرینەی ئەوانەش کە لەشاردا دەژین هەلگری هەمان بونیاتو خەسڵەتی مەعریفی دانیشتوانی لادێن، لەئەنجامی ئەو بەشە لەکارکردن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە (کارکردنی عەمەلی) ئەوەی سەلماندووە کەدەستدانە هەر کارێک بەمەبەستی راڤەکردنی دیاردەیەک یان هەر چەمکێکی پەیوەست بەجەستەی ژیانی کۆمەلگاوە کارێکی ئێجگار زەحمەتە.

**شیکردنەوەی هەریەک لەخاڵەکانی فۆرمەکە:**

**خاڵی یەکەمی فۆرمەکە:** (تەمەن)ە ئەو ژنەی کەفۆرمەکە پڕدەکاتەوە تیایدا ئاماژە بەتەمەنی خۆی دەدات بۆ ئەوەی بزانین سەرەڕای جیاوازی تەمەن کێشەکان تا چەند هاوبەشن.

**خاڵی دووەمی فۆرمەکە:** (پیشەیە) مەبەست لەدانانی ئەم خاڵە وەرگرتنی سەرنجی ژنانە لەسەر مەسەلەی





توندو تیژی هەموو ئەو ژنانەی کە لەدەرەوەی ماڵ کاردەکەن لەگەڵ ئەو ژنانەش کە لەماڵەوەن.

**خاڵی سێیەمی فۆرمەکە:** (ئاستی خوێندەوارییە) مەبەست لەدانانی ئەم خاڵە وەرگرتنی سەرنجی ژنانە بەجیاوازی پلەی خوێندنیانەوە، وەڵامدەرەوەی فۆرمەکان لەنەخوێندەوارەوەن هەن تا دەرچوی زانکۆ.

**خاڵی چوارەمی فۆرمەکە:** (شوێنی لەدایکبوون)ە.

**خاڵی پێنجەمی فۆرمەکە:** (شوێنی نیشتەجێبوون)ە مەبەست لەداواکردنی شوێنی نیشتەجێبوون ئەوەیە کەلێکۆڵینەوەکە لەچەند گەرەکێکی جیاواز یاخود چەند ناوچەیەکی جیاوازی شاردا بێت کەئەمەش یاریدەدەرێکە بۆ دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەو درک پێکردنی ئەو جیاوازییە گەورانەی کە لەگەڕەکەکاندا لەچوارچێوەی یەک شاردا هەیەو کردنی بەسەرچاوەیەکی زانیاری.

لەو رێگەیەشەوە رۆشنایی زیاتر دەخەمە سەر ئەوەی مەبەستەو دیاریکردنو رونکردنەوەی ئامانجی توێژینەوەکە رونتر دەکاتەوە.

**خاڵی شەشەمی فۆرمەکە:** ئەو کاتەی کەشوت کرد تەمەنت چەند بوو؟

پاش پۆلێنکردن تەمەنی ئەو ژنانەی کەفۆرمەکەیان پڕکردووەتەوە تەمەنی شووکردنیان لەنێوان ١٣بۆ ٢٥ ساڵیدایە واتە لەتەمەنی ١٣ ساڵییەوە تا تەمەنی ٢٥ ساڵی ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوە.

**خاڵی حەوتەمی فۆرمەکە:** چەند ساڵە خێزانت پێکەوەناوە؟

بەشداربوان تەمەنی پێکەوەنانی خێزانیان لەنێوان ٢- ٢٥ ساڵیدایە.

ئەگەرچی ساڵانێکی زۆر جیاوازە، بەڵام لەشێوازو جۆرو دەرئەنجامی ئەم جۆرە لەتوندو تیژی جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدیناکرێت ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە کەگۆڕانە کۆمەڵایەتیو بەرەو پێشچوونەکان لەتێڕوانین و شێوەی ژیانی دوو هاوسەردا ئێجگار بەسستی بەڕێوە دەچنو ناوچەی بەرینی نەریتو ئاینو عەقڵیەتی خێڵەکیو پیاوسالاری زۆر بەزەحمەت تەسکدەبنەوەو شڵەقاندن تیایاندا ڕوودەدات ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کەکارکردن لەبواری چاکسازی کۆمەڵایەتیدا پێویستی بەکارکردنی زیاترو زیاتر هەیە.





**خاڵی هەشتەمی فۆرمەکە:** شێوەی شوکردنت چۆن بوو؟

ئەمە پرسیارێکی تری لێکۆڵینەوەکەیەو ئامانج لێی دیاریکردنی ئەو بارودۆخەیە کەپرۆسەکەی تیادا ئەنجامدراوەو ڕێژەی هەریەك لەشێوەکانو چۆنیەتی پیادەکردنیان.

١. ژن بەژن
٢. مارەکردنی کچ بەمنداڵی
٣. بۆ دۆزینەوە
٤. خۆشەویستی
٥. بەزۆری کەسوکار
٦. بەرێکەوت

بەکورتی باس لەهەریەك لەشێوازەکانی ئەم جۆرانە لەهاوسەرگیری دەکەم کە لەکۆمەڵگای ئێمەدا باوەو لەرێگەشیەوە دەتوانین ئەو رایەڵەیە بدۆزینەوە کەمەسەلەی توندوتیژی ئاو دەدات.

چونکە شێوازە جیاوازەکانی شووکردن بۆخۆی گرنگ نییە، بەڵکو لەوە گرنگتر ڕادەی دروستیی شێوازەکەو دواجار دەرئەنجامەکانیەتی.

**١. ژن بەژن:**

ئەم شێوەیە لەهاوسەر گرتن وایێکدێت کەکاتێك ماڵێك داوای کچێك دەکەن لەبەرامبەردا ئەو ماڵەش داوای کچێك دەکەن بۆ کوڕەکەیان ئەم شێوازە زیاتر لەگوندەکاندا باوە و بەر لەهەموو شتێك قازانجی هەردوو خێزانەکەی تیادایە لەرووی مادییەوە، چونکە تێچوونی هەردوو مەراسیمەکە دەبێت وەك یەك بێت. گەر لەروویەکی تریشەوە لێی بڕوانین بەکچ ڕۆیشتن لەهەردوو خێزانەکە هاوسەنگ دەبنەوە لەرووی کۆمەڵایەتییەوە پرۆسەکە باشتر لێی دەڕوانرێت، بەڵام لەکاتێکدا ئەگەر یەکێك لەدوو خێزانەکە نەگونجا دەبێت خێزانەکەی تریش هەڵبوەشێتەوە. زۆر جاریش خوشکی کوڕەکە کەدەکاتە ژنی برای کچەکە نەگونجاوە، بەڵام بێدەنگ بووە لەبەر ئەوەی ماڵ لەبراکەی تێك نەچێت. ئەگەرچی ئەم شێوازە لەشارەکاندا کەمبووەتەوە، بەڵام تا ئەمرۆش لەگوندو ناوچە دوورە دەستەکاندا پەیرەودەکرێت. ئەگەرچی ئەم توێژینەوەیە لەناو شاردایە، بەڵام پاش پۆلێن کردن ڕێژەکەی دیاریدەکرێت.





**٢. مارەکردنی کچ بەمنداڵی:**

شێوازێکی تری هاوسەرگرتنە کە لەزۆر ناوچەی گوندنشیندا باوە، بەڵام لەشارەکاندا ڕێژەکەی کەمە، ئەم شێوازەی شوکردن بڕیاردەر تیایدا باوكو برایە، چونکە لەم حاڵەتەدا کچ هەیە تەمەنی چوار ساڵە یاخود کەمترە یاخود لەسکی دایکیایەتی، کەکەسوکاری "گفت" واتە بەڵێن بەماڵێك دەدەن کەکچەکەیان دەدەنێو کەکچەکەش گەورەبوو دەبێتە ژنی ئەو کەسەی کەلێی مارەکراوە یاخود پاش ڕودانی کێشەیەك لەنێوان دوو بنەماڵەدا ماڵی خاوەن ماف داوای کچێك یا زیاتر دەکەن ماڵی بەرامبەریش کچەکەیانی لێ مارە دەکەن بێگومان بەبێ ڕەزامەندی کچەکەشیان دەبێت، کەدەرئەنجامی پڕ مەرگەساتی لێکەوتووەتەوە .

سەنتەری ڕاگەیاندنو ڕوناکبیری ژنان پرۆژەیەکی لەناوچەی پشدەر ئەنجامداو لەئەنجامی ڕووپێوییەکەوە لە(٩٢) گوند توانی ناوی(١٠٠٠) کچ تۆماربکات کە بەمنداڵی مارەکراونو ڕەزامەند نین بەو هاوسەرەی کەبۆیان دانراوە. ئەمساڵیش لیژنەی ژنانی پارلەمان یەکێك لەئەولەویەتی کارەکانیان کارکردنە بۆ ئەو کچانە.

**٣. بۆدۆزینەوە**

یەکێکی تره لەشێوازەکانی هاوسەرگرتنو بەشێوەیەکی بەربلاو لەشارەکانیشدا پیادەدەکرێتو ئەوە دەگەیەنێت کەکەسێك کوڕێك بۆ کچێك دەدۆزێتەوە یان بەپێچەوانەوە، بۆ ئەوەی ببنە هاوسەری یەك واتە ئەو دوو کەسە یەکتر ناناسن بەڵکو دەوروبەر ئەوە دیاریدەکەن کەبۆ یەکتر دەگونجێن.

**٤. پەیوەندی خۆشەویستی:**

یەکێکی تر لەشێوازەکانی هاوسەرگرتن بوونی پەیوەندی خۆشەویستییە بەر لەئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری، ئەگەرچی ئەو پەیوەندییە ناوی خۆشەویستییە، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخە پڕ لەچەپاندنو جیاوازییەی کەکچ و کوڕ تیایدا دەژینو ئەو گەڕانە بێهودەیەی هەردوو رەگەز بەدوای عاتیفەو سۆزدا زۆرجار ( ئولفەتگرتن) بەیەکتری، یاخود راهاتن بەیەکەوە ناوی خۆ شەویستی لێدەنرێتو دەبێتە بنەمایەك بۆ هاوسەر هەڵبژاردن.

**٥. بەزۆری کەسوکار:**

واتە فشار خستنە سەر کچ بۆ شووکردن ئەویش بەرەچاوکرنی بەرژەوەندییە جیاوازەکان، بەرژەوەندی





کچ لەدواخاڵدا دێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم شێوازە بوونی هەیە. یەکێك لەو ژنانەی کەفۆڕمەکەی پڕکردەووەتەوەو نووسیویەتی (بەشەقی کەس وکار)، چونکە تا ئێستاش لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەرژەوەندیی مادیو جێ قایمکردنو سەرجەم بەرژەوەندییەکانی تری خێزان لەبەرچاو دەگیرێتو لەلیستی بەرژەوەندیەکاندا بەرژەوەندی کچ دواخاڵە،چونکە لەلای ئێمە تەمەنی کچو نەمانەوەی کچ و راییکردنی، نەوەك ببێتە قەیرە و ئەرکی خێزان هێندەی تر قورس بکات، ئامانجێکی سەرەکی بەشودانی کچە.

**٦. بەویستی هەردوولا:**

یەکێکی ترە لەشێوازەکانی شوکردن، واتا فشاری دەرەکی لەسەر پرۆسەکە نییەو بەئیرادەی هەردوولایە کەزیاتر ئەم شێوازە لەناو گەنجەکاندا باوە ئەگەرچی لەم شێوازەشدا پێوەرەکانی وەك جوانی و دەوڵەمەندیو بنەماڵە بۆ دوو کەسەکە رۆڵی خۆی دەبینێت، رێژەکانی جیابوونەوەش سەلمێنەری ئەو راستییەن( بەتایبەت لەنێو گەنجاندا).

**٧. بەرێکەوت:**

ئەمیش شێوازێکی تری هاوسەرگرتنەو بەشێوەیەکە کەکچ و کوڕێك لەشوێنێك یەکتر دەبینن یان یەکتر دەناسنو ئەم ڕێکەوتە دەبێتە پرۆسەیەکی درێژخایان کەئەویش هاوسەرگرتنە لەنێوان دووکەسدا.

بەگشتی ئەو چەند شێوازە شێوازەکانی هاوسەرگرتنە کە لەپارێزگای سلێمانیدا پیادەدەکرێ ئەو شیکردنەوەیەش بۆ هەر یەکێك لەشێوازەکان بیرۆکەیەك لەسەر چۆنیەتی هۆکارو دەرئەنجامی هەر یەك لەشێوازەکان دەبەخشێت.

**ڕێژەی هەر یەکێك لەشێوازەکان کە بەپێی ئەو ئامارانە کۆکراونەتەوە:**

پرسیاری سێیەم کەتایبەتە بەشێوەی شووکردن:

لەکۆی (٥٠٠) فۆرم ڕێژەکان بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| ژن بەژن | ٢٦ |
| مارەکردن بەمندالّی | ٧ |
| بۆیان دۆزیتەوە | ٦١ |
| پەیوەندی خۆشەویستی | ١١٤ |
| بەزۆری کەس وکار | ١١٦ |
| بەرێکەوت | ١١١ |





ئەم شێوازانەی لای خوارەوە لەفۆڕمەکەدا ئاماژەی پێنەدراوە، بەلاّم ژنەکان لەکاتی وەلاّمدانەوەدا ئاماژەیان بۆ کردووە:

| | |
|---|---|
| ١. ڕەدووکەوتن | ١ حالّەت |
| ٢. شیربایی | ١ حالّەت |
| ٣. بەشەق | ١ حالّەت |
| ٤. پێشکەشکراو | ١ حالّەت |

**پرسیاری چوارەم :. تیایدا هاتوە ئایا لەژیانی خێزانیتدا بەختیاریت؟**

وەلاّمەکان بەم شێوەیە بوو:

٣٠٦ ژن به بەلێ وەلاّمی داوەتەوە.

٣٦ ژن به نەخێر وەلاّمی داوەتەوە.

بێگومان بەختیاریو تێڕوانین بۆ ئەم چەمکە لەکەسێکەوە بۆکەسێکی دی دەگۆڕێتو لەخێزانەکانیشدا زۆر جار درککردن بە(بەختیاری) لەچوار چێوەی خێزانداو لەلایەن ژنەوە خۆی لەخۆیدا کێشەیە، چونکە لەوانەیە ژنێك هاوسەرەکەی ڕێگری نەکات لەوەی کەسەردانی مالّی باوکی بکات یان پارەی بداتێ، لەوانەیە ئەو ژنە ئەو ڕەفتارە بەسەرچاوەی

بەختیاری خۆی بزانێتو وەڵامەکەی ببێتە (بەڵێ) یان لەحاڵەتێکدا ئەگەر ژنەکە بەیەکێك لەبەشەکانی ئەو ژیانە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا رەزامەند بێت ئەوا وەڵامەکەی دەبێتە (بەڵێ) کەواتە ناکرێت ئەو(بەڵێ)یە ببێتە پێوەرێکی راستەقینەو گوزارشتی سەرکەوتنی خێزانەکان، بۆ راستی ئەم بۆچوونە دواتر لەبەشەکانی تری راڤەکاندا وەڵامەکان دەردەکەوێت.

**پرسیارێکی تری فۆرمەکە بەم شێوەیە بوو((بەختیاری لەچیدا دەبینی))؟**

خۆشەویستی ، سامان و پارە ، پلەو پایە ، گونجاندن و لێك تێگەیشتن

ئەم چوار چەمکە هەروا بەرەمەکی نەهاتوە، بەڵکو لەئەنجامی وردبونەوە لەخێزانەکانو باری کۆمەڵگاوە هاتووە، ئەم چوار چەمکە رۆڵێکی کارایان لەچۆنیەتی بەرێوەبردنی خێزانو رەنگرێژکردنیدا هەیە.

**خۆشەویستی:**

ئەو چەمکەیە کە لەهەر کۆمەڵگایەکدا بەهۆی شێوازو نەریتە کۆمەڵایەتییەکانو باری ئابوری و تەنانەت هەڵکەوتەی جوگرافیەوە دەگۆرێت لەکۆمەڵگای ئێمەدا





زۆر جار خۆشەویستی وەك ناو حزوری دەبێت لەخێزاندا و مەرج نییە لەناوەرۆکدا هەستێك بێت کەخۆشەویستییە، بەڵکو هەندێك جار (ئولفەتگرتن) بەیەکەوە یا خود راهاتنی دوو کەس بەیەکەوە یان هەستێك کەروونکراوە نییە لەبەرژەوەندییەکدا کەمەرج نییە مادی بێت دەبێتە بنەمایەك بۆ دروستکردنی خێزانو بەم شێوەیە دەوترێت ئەو خێزانانە لەسەر بنەمای پارەو سامان بنیاد نەنراوە .

**سامانو پارە:**

بەها مادییەکان لەمێژە هۆکاری سەرکەوتنو بەردەوام بوونی خێزانەکان بوون لەکۆمەڵگای ئێمەدا زۆر جار بەردەوامبوون دەبێتە پێوەری سەرکەوتن لەوردە قۆناغەکانی بەرێوەچوونی ئەو خێزانەدا کێشەکان وەلادەنرێت لەپێناو بەردەوامبووندا. شلۆقی باری ئابوری کە بەپێی قۆناغە سیاسییەکان سەرکەوتنو داکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە ئاستی ئابوری پایەیەکی گرنگی بەردەوامبوونو بەر لەوەش دروستبوونی خێزانەکانن. لەهەڵبژاردنی تاکەکاندا باری ئابوری رەچاو دەکرێت واتە کچێك ئەگەر لەیەك کاتدا دوو کەس داوای

بکەن کەئاستی مادیان جیاواز بێت ئەوا بەدەر لەرەچاو کردنی سیفەتە باش‌و خراپەکان بارە ئابورییەکە دەبێتە پێوەری هەڵبژاردن، لەپشت ئەمەشەوە واتە لەپشت ئەم بڕیاردانەی کچەکەوە چەندەها هۆکار هەیە.

**پلەو پایە:**

هەڵبژاردەیەکی تری وەڵامە بۆ پرسیاری پێنجەم و یەکێکی ترە لەو چەمکانەی کەئەگەری ئەوەی هەیە ببێتە زەمینەیەکی وا کەببێتە رەنگێک بۆ بەدەستکەوتنی بەختیاری.

زۆرن ئەو کچانەی تەنها لەبەر پلەو پایە لەوانەیە ببنە ژنی دووهەم یان ئەوە رەچاو بکەن‌و بیکەنە فاکتەری شووکردنیان، ئەو کەسانەی یان ئەو پیاوانەی خاوەن پلەو پایەن جگەلەوەی هەندێک جار ئەو پێگەیە بەکاردەهێنن بۆ هێنانی زیاتر لەژنێک یاخود کچی منداڵ هەر ئەو پێگەیەی ئەوانیشە کچان رادەکێشێت‌و ئەو کچانەش لەکەسێکی وادەڕوانن. ئەم حاڵەتە زیاتر لەدوای راپەڕینەوە بەدیدەکرێت‌و ئەو کچانەش کە بەسەر ژنی یەکەمدا شوویان کردووە تەمەنیان کەمە زیاتر ئەو کەسانەیان هەڵبژاردووە کە لەئاست





لێپرسراویەتیدان سەرگرتنی ئەو پرۆسەیەش بەهۆکارو سەرچاوەی خۆشبەختی دەزانن.

**گونجاندن‌و لەیەکگەیشتن:**

ئەو پانتاییە بەهەند وەرنەگیراوانەیە کە لەخێزانە کوردییەکانی لای ئێمە لەخاڵە کاڵ‌و فەرامۆش کراوەکانن سروشت وای پەروەردە کردوون کەژنان قسەبکەن‌و پیاوان گوێنەگرن‌و پیاوانیش بێدەنگ بن‌و ژنان گوێ نەدەن بەنەبوونی ئامادەییەک بۆ گوێگرتن هەروەها یەکێک لەو بەشە هەستیارانەی کەپرۆسەی لێکگەیشتن بەرێوە دەبات، درک نەکردنی دوو هاوسەر بەگرنگی گفتو گۆو سەرنج گۆڕینەوە و هەندێک جار بەتەنازول زانینی (پیاو) بۆ گوێگرتن لە(ژن) پانتایی ئەو بۆشاییەی کە لەنێوان دوو هاوسەرەکەدا هەیە فراوانترو فراوانتر دەکات بەمەش جگە لەبەدحاڵی بوونی هەر دوولا لەیەک، بوار بۆ دزەکردنی پەیوەندی لابەلاو دەستتێوەردانی کەسانی سێیەم و چوارەم دەرەخسێنێت‌و، دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ هەر کێشەیەک لەدەرئەنجامی ئەم حاڵەتەوە دەخولقێ تەنها هەڵپەساردنی کێشەکەیە بۆ کاتێکی تر، نەبوونی ئەم

پانتاییە (لێکگەیشتن) یاخود ئەزمونکردنی بۆ باشترکردنی ژیانی دوو هاوسەر دوو فاکتەری سەرەکی وەڵامدانەوەی پڕکەرەوانی فۆرمەکانە بۆ پرسیارەکان.

لەقۆناغێکی تری توێژینەکەدا هێڵە گشتییەکانو گورزی تێبینیەکان چڕدەکەینەوەو زیاتر لەبابەتی توێژینەوەکە نزیکدەبینەوە ئەوەش بەیارمەتی ئەو هێڵە گشتییانەی پێشتر ئاماژەمان پێدا.

بێگومان ئەو مەسەلەیەی تیشکی دەخەینە سەر توندو تیژی خێزانیە، پێشترو لەمیانەی چەندین کۆڕو کۆبونەوەو سیمینارو موحازەرەو........تد ئاماژەمان پێداوە. ئەوەش وەك بەشێك لەکاری ڕێکخراوەکان بەتایبەت ڕێکخراوەکانی ژنان کاری بۆ کراوە، بەڵام من ویستوومە هەوڵێکی جیاوازم هەبێتو بەر لەقسەکردن بەپێویستم زانی لەسەر مەسەلەیەکی وا ئامارێك بەرچاو روونیم بداتێ.





**تووندووتیژی لەکورتترین پێناسەدا:**

توندو تیژی: سەرجەم ئەو رەفتارانەیە کەپیاو لەبەرامبەر ژندا دەیکات بەمەبەستی ئازاردانو ملکەچ پێکردنی، بەڵام لەپێناسە گشتگیرەکەیدا خودی جۆرو رەفتارەکە دەستنیشان نەکراوە، بەڵام ئەو جۆرو شێوازانە لەتوندو تیژی کەمن مەبەستمە دەتوانم بەم شێوەیە باسی لێبکەم (شێوازێکە لەتوندوتیژی کەچ شێوەی پیادەکردن و دەرئەنجامەکە نەبینراوە، بەڵام هەست پێکراوەو چەند شێوازێك هەیە لەپاش ماوەیەك ماکەکانی دەردەکەوێت) شێوازی توندوتیژی نەبینراو کەلێرەدا باسیدەکەین ئەنجامدانی رەفتارێکە کەپێش وەخت دەزانرێ ئامانجی خۆی دەپێکێ وەك هەنگاوی یەکەم بەرامبەر بریندار دەکاتو دواتر ناچاریدەکات بەرەفتارێك کە لەویستی خۆیدا نییە و لێرەوە پێناسەی ئەو کەسە کە بەرانبەری دەکرێت دەبێتە(قوربانی) هاوسەر یاخود دەست پێشخەر، یاخود ئەنجامدەری ئەو جۆرە لەتوندوتیژی بەئامانجی تێکشکاندنێکە کەجگە لەوەی چێژی لێوەردەگرێت هەندێك جار ئامانجی تری هەیە وەك تۆڵە سەندنەوە، تەمبێکردن، هەڕەشەیەکی

پێشوەخت، زەمینە سازکردن بۆ سەپاندنی دەسەڵات بەسەر بەرامبەردا،

بەم شێوە یە رونتری دەکەینەوە ئامانج......... جێبەجێکەر ..... شێوازەکان .... وەرگر .... دەرئەنجام ( بینراو _ نەبینراو )............

**هێنانەدی ئامانج**

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین کەهەر ئامانجێك پەیوەستە بەکەسێتی جێبەجێکەرو جۆری رەفتارو منداڵی‌و ژینگەو ژێدەرەکانی ژینگەی کەسی جێبەجێکەر کە(هاوسەرە)، (پیاو لەکۆمەڵگە رۆژ هەڵاتیەکاندا پشت بەستوو بەئاین، کولتور، یاسا) رێپێدراوە بۆ ئەوەی ئەو شێوە رەفتارە کۆمەڵایەتیەی پێی دەوترێ (توندو تیژی) پیادەبکات کەجۆرو شێوازو رادەی ئەو توندوتیژییەی پیادەی دەکات بەندە بەرادەی ئەو شێوازانەی کە لەسایکۆلۆژیەتی ئەو پیاوەدا هەیە بەواتایەکی تر ئەو کەسێتییە تا چەند بەرەفتاری توندوتیژی لەخێزان و قوتابخانەو کۆمەڵگا ئاودراوەو چۆنیەتی رەنگدانەوەی لەسەر ئەو و دواتر بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ دافعەکانی خۆی دەکات بۆ





کردنی رەفتارێك کەپێشوەخت دەزانێت لەرووی مرۆییەوە نەگونجاوەو کاریگەری راستەوخۆی لەسەر بەرامبەر هەیە. ژن دەبێتە وەرگرو ئەم پرۆسەیە بەهێنانەدی ئامانجەکە کۆتایی پێدێت.

**لەوەڵامی پرسیاری چوارەمدا: ئایا لەژیانی خێزانیتدا بەختیاریت؟**

٣٠٦ ژن بە( بەڵێ) وەڵامی داوەتەوە

٣٦ ژن بە(نەخێر) وەڵامی داوەتەوە.

**لەوەڵامی پرسیاری پێنجەمدا بەختیاری لەچیدا دەبینی؟**

| | |
|---|---|
| خۆشەویستی | ٩٠ |
| گونجاندن‌و لەیەکگەیشتن | ١٣٣ |
| سامان‌و پارە | ١٣ |
| پلەو پایە | ٣ |

**لەوەڵامی پرسیاری (٧) دا پێت وایە بۆچی توندو تیژیت بەرامبەر دەکرێت؟**

وەڵامەکان جیاوازن(١١٠) ژن وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە بەم شێوەیە:

١. هاو سەرە کەم چاو لەدەرە.

٢. هاوسەرەکەم نامناسێ

٣. ناهێڵێ بچم بۆماڵی باوکم

٤. هاوسەرەکەم دڵی پیسە

٥. شێوازی شوکردنم هەڵەبوەو ژن بەژنم پێکراوە، بەزۆر دراوم بەشوو

٦. هاوسەرەکەمم خۆشناوێت هەربۆیە ناگونجێین.

٧. هاوسەرەکەم لەخۆیەوە لێم دەدات.

٨. کەسوکاری منیان خۆش ناوێ.

٩. هاوسەرەکەم تورەیە، کێشەی دەرونی هەیە، خۆپەرستە.

١٠. ژنێکی تری هەیە کەدەرچوی کۆلێژی یاسایە.

١١. من لەهاوسەرەکەم گەورەترم یان هاوسەرەکەم زۆر لەمن گەورەترە.

١٢. باری ئابوری ناتەواوە.





١٣. هاوسەرەکەم بێغیرەتەو خۆم هەموو شتێکدەکەم ئەمە تووشی کێشەم دەکات.

١٤. هاوسەرەکەم: مەشروب دەخواتەوە، دەزانم خیانەتم لێدەکات لەبەرچاوی خەڵك درۆ دەکاتو من دەشکێنێ.

١٥. هاوسەرەکەم ڕێیداوە ماڵی باوکی دەستوەربدەنە هەموو شتێکمان.

١٦. تەنها کچمان دەبێتو کوڕمان نابێت.

هاوسەرەکەم ... هاوسەرەکەم ..بەگشتی ئەمە وەڵامەکانەو دووبارە بوونەتەوە.

**بۆ پرسیاری (٨) (کام لەم شێوازانە لەبەرامبەرتدا بەکارهاتوە؟) وەڵامەکان بەمشێوەیە بووە:**

١٩٣ ژن وەڵامی پرسیارەکەیان داوەتەوە:

قسە لەگەڵ نەکردن ٨١ ژن.

مەسرەف نەکردن ٩ ژن.

ناهێڵێت بچمەدەرەوە ٥ ژن.

تورەبوون لەپێش چاوی منداڵەکان ٣٣ژن.

شەرمەزارکردن بەو شتانەی پێش زەواج رویانداوە ٥ ژن.

هەموو شێوازەکان ٣٧ ژن.

سەرجێگایی نەکردن ١٥ ژن.

کردنەدەرەوە

لێدان

**لەوەڵامی پرسیاری (٩)دا ئەوەندەی بزانیت هاوسەرەکەت لەمنداڵیدا دووچاری توندو تیژی بووەتەوە؟ وەڵامەکان بەم شێوەیە بوو:**

١٠٦ ژن وەڵامی پرسیارەکەی داوەتەوە.

٥٦ ژن بەبەڵێ

٥٠ ژن بەنەخێر

**بۆ وەڵامی برگەی دووەمی پرسیارەکە لەلایەن کێوە دووچاری توندو تیژی بووەتەوە:**

باوک ٣٨ ژن

دایك ٨ ژن

باوەژ ١٠ ژن

ماڵی پور ٣ ژن لەمنداڵییەوە لەوێ پەروەردە بووە.

ماڵی مام ١ ژن لەمنداڵییەوە لەوێ پەروەردە بووە.





**پرسیاری (١١) کاتێك توندو تیژیت بەرامبەر کراوە هەستت چی بووە؟**

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە(٣٦٩) ژن وەڵامیان داوەتەوە بەم شێوەیە:

١٩٨ ژن نوسیوویەتی گریاوم و خەفەتم خواردووە.

٥٠ ژن نوسیوویەتی بێدەنگ بووم و هەستم بەبێکەسی کردووە.

٢٠ ژن نوسیوویەتی هەستم بەبێدەسەڵاتی کردووە.

١ ژن نوسیوویەتی ویستومە بیکوژم.

٨٠ ژن نوسیوویەتی هەستم بەکەمیو پەشیمانی کردووە.

١ ژن نوسیوویەتی ویستومە تۆڵەبکەمەوە.

١٨ ژن نوسیو یانە هە ستم بەمردن کردوە .

١ ژن نوسیوویەتی هەرچەندە کورو کچم گەورەن بەردەوام هەڕەشەم لێدەکاتو دەڵێت تەڵاقت دەدەم.

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بەو شێوە بەربڵاوە چەند بۆچوونێك دەسەلمێنێ یەکێك لەوانە (درۆکردن) (درۆکردن بەواتا باوەکەی نا) ئەو ژنانەی وەڵامی

پرسیارەکانی لاپەڕەی یەکەمی فۆڕمەکەیان داوەتەوە زۆرینەی وەڵامەکانیان پۆزەتیڤە مەبەست لەدرۆکردن لێرەدا لەگەڵ خودا بێت یان دەوروبەر (سەیری وەڵامەکانی پرسیاری چوارەم کەدەکەوێتە لاپەرەی یەکەمی فۆڕمەکەوە بکە)، بەڵام وەڵامدانەوەی پرسیاری (١١) کەدەکەوێتە لاپەڕەی دووهەمی فۆڕمەکەو پانتاییەکی ئازادی تێدایە ژنەکان بەو شێوەیە گوزارشتیان لەهەستەکانیان کردوە، کەکۆی گوزارشتەکانیان هاوشێوەیەو ئەوە دەسەلمێنێ کە(ژن) لەکاتی رووبەڕووبونەوەیدا لەگەڵ توندو تیژی لەچوارچێوەی خێزاندا هەست بەبێکەسیو بێپەنایی دەکاتو وەڵامدانەوەی ژمارەیەکی زۆر لەژنەکان بۆ ئەم پرسیارە ئەوە دەسەلمێنێ کەئەم پرسیارە هاندەرو بواری ئەوەی هەبوە کەژنان بەئاسانی لێی تێبگەنو بێپەردە وەڵامی بدەنەوە، ژمارەو شێوازی وەڵامەکان وەڵامدەرەوەی ئەوەن کە(ژنان) لەپارێزگای سلێمانیدا (سنوری تویژینەوەکە) چۆن رووبەڕووی کێشەکان دەبنەوە دەست نیشان نەکردنی شێوازی ئەو توندو تیژییەی کەژنان بەو شێوە بەربڵاوە دووچاری بونەتەوە ئەوە دەسەلمێنێ کەژنان درك بەبارو دۆخێك دەکەن





کەژیانی ئەوانی نائارام کردوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی جیاوازی ژینگەو کەسێتی و باری ئابوریو باری سیاسییەوە وایکردوە نەتوانرێت بەئاسانی جۆرو شێوازی توندو تیژییەکە دەستنیشان بکرێت گرنگ ئەوەیە لەوەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەوە جگە لەوەی رێژەیەکمان دەستدەکەوێت ئاشنادەبین بەو هەستەناوەکیو شارراوانەی کەژمارەیەك ژن هەیانە(بەجیاوازی تەمەن و ژینگەو باری ئابوری و بڕوانامەو)ەوە لەکاتێکی دیاریکراو و بارودۆخێکی دیاریکراو و شوێنێکی دیاریکراودا ئەوەی رەچاو دەکرێت هیچ کام لەو ژنانە باس لەوە ناکەن کەلەکاتی بێئومێدیدا بیریان لەپەنابردن بۆ یاساو رێکخراوەکانی ژنان کردووەتەوە .

**بۆ وەڵامی پرسیاری (١٢) پەرچەکردارت واتە (ردفعل)ی ژن لەحاڵەتی توندوتیژیدا:**

ئەم پرسیارە(٣٥٩) ژن وەڵامیان داوەتەوە بەم شێوەیە:

١٨٢ ژن بە(دەبێ تەحەمول بکەم) وەڵامیان داوەتەوە.

٥٨ ژن (تۆراون)
١٤ ژن داوای جیابوونەوەیان کردووە
٤ ژن لەخۆمم داوە
٩١ ژن بەگریان
١٠ ژن بەبێدەنگ بوون.

دووبارەو هاوشێوەی ئەم پرسیارەش وەك پرسیاری (١١) لەلاپەڕەی دووەمی فۆرمەکەدایەو پانتاییەك هەیە بۆ وەڵامدانەوە بەهەمان شێوە ڕێژەیەکی زۆر جیاواز لەو ڕێژەیەی ئاماژە بە(بەختیاری) دەدەن لە چوارچێوەی خێزانەکانیاندا کاتێك وەڵامی پرسیاری چوارەمیان داوەتەوە بە( بەڵێ) وەك لەوەڵامەکاندا دیارە ڕێژەی (٥٨) ژن تۆراون کەوەك پەرچەکردارێکی کردەیی دەتوانین ئاماژەی پێبدەین، ژمارەیەکی لەوەش کەمتر داوای جیابونەوەیان کردووە کەئەویش بەپەرچەکردارێکی کردەیی دەتوانین ئەژماری بکەین‌و ئەم ڕێژە کەمەش تەنها تەفسیری ئەوەیە کەژن لەواقیعی ئەم کۆمەڵگەیەدا ناتوانێت پەرچەکردارێکی کردەیی هەبێت بەتایبەت هەوڵدان بۆ جیابوونەوە، چونکە لەیاسادا ئەو ڕۆتینیەی ژن دووچاری دەبێتەوە





لەحاڵەتێکدا ئەگەر داوای جیابوونەوە بکات ( وەك حاڵەتی ئەمنی‌و دارایی و هاتوچوو) هەروەها زەحمەتی ژیانکردنی بێوەژن (ژنێکی بێهاوسەر) وایکردووە ژن لەحاڵەتێکدا کەتوندو تیژی بەرامبەر دەکرێت هێندەی بەناو ناخی خۆیدا دەچێتەوە، هاوکات درکیشی بەوە کردوە کەهەر پەرچە کرداریٚ باجی خۆی هەیە، وەك لەچاودێریکردنی دانیشتنەکانی دادگاو هاتنەدەرەوەیدا، ژن دوچاری کێشە دەبێتەوە، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیش ئەو ژنانەی دەگەنە ئەو بڕوایەی چیدی جیاببنەوە جگە لەو ململانیٚ دەروونیەی لەناو خودی خۆیدا هەیەتی ئەو بڕیارەی کەدەیدات دەبێتە دەروازەو سەرەتای ئەو ململانێیانەی کە لەکۆمەڵگەکەدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لەلایەك کەسانێکی نزیکی خۆی تەواو ئەم بۆچوونە ڕەتدەکەنەوەو هانی پەشیمان بوونەوەی دەدەن کەهەندێك جار ئەم هاندانە شێوەی هەڕەشەش بەخۆوە دەگرێت‌و نموونەی نەفرەتەکانی ئەم کۆمەڵگەیە لەو ژنانەی پێشتر داوای جیابونەوەیان کردوەو جیابونەتەوە دەکەنە ئەو چەکەی هێندەی تر دەروونی پێویران دەکەن ژمارەیەکیش هانی دەدەن کەچیدی لەو ژیانە بەردەوام نەبێت، بەڵام کەسێك یان

لانەیەك یان شێوەیەك بۆ ژیان، یان سەرچاوەیەکی ژیان شك نابەن. دەگمەنن ئەو خێزانانەی باوەش بۆ کچەکانیان دەکەنەوە پاش جیابوونەوەو لەوەش دەگمەنتر ئەو خێزانانەن کەباوەش بۆ کچەکانیان دەکەنەوە کەجیابونەتەوە منداڵیان هەیە. خۆی لەخۆیدا بوونی منداڵ دایکی سەدەها جار ناچارکردوە بەبڕیارەکەیدا بچێتەوەو پاشگەزبێتەوە، زۆرینەی ئەو ژنانەی ئامادەیان بەوەداوە کەئارامدەگرمو تەنها هۆکاریش بۆ ئەوە منداڵەکانیانە، چونکە لەکۆمەڵگای ئێمەدا ژن پێگەیەکی هەیە کەهەمیشە بەگومانەوە لێی بڕوانرێت سەبارەت بەپەروەردەو گەورەکردنی منداڵ چ لەرووی مەسرەفەوەو چ لەرووی پەروەردەکردنەوە.

**پرسیاری (١٤) پەرچەکردارت بەرامبەر کێ هەبووە؟**

| | | |
|---|---|---|
| بەرامبەر هاوسەر | ١٢ ژن. | |
| بەرامبەر منداڵ | ١٩٨ ژن | نوسیوویەتی ناچاربووم لەمنداڵەکان بدەم یان تورەببم. |

یەکێك لەئەنجامەکانی توندوتیژی لەسەر ژن رەنگدانەوەیەتی لەسەر منداڵ جا چ وەك ئەوەی منداڵ



توندوتیژی هەست پێکراو
هانا شوان

ببینێ کەتووشی نائارامی دەروونی دەبێت، یاخود دوایی ببێتەوە قوربانیو دایك لەبێدەسەلاتیو رقی خۆی لەبەرامبەر پیاودا قسەی ناشرینی پێبڵێت یان لێیبدات.

**پرسیارێکی تر ئەوەیە کەکام لەم لایەنانە بەبەرپرس دەزانی بۆکەمکردنەوەی توندو تیژی؟**

| | |
|---|---|
| یاسا | ٢٠٠ ژن |
| ئاین | ٦٠ ژن |
| رێکخراوەکانی ژنان | ٤٠ ژن |

**یاسا:**

بێگومان یاسای کاروباری کەسی کەئەو یاسایانەیە ژن لەحاڵەتی توندوتیژیدا پەنای بۆ دەباتو تەنها لەحاڵەتی لێداندا باسی لەتوندو تیژی کردوە کە لەو حاڵەتەشدا ژن دەبێت داوای یاسایی تۆماربکاتو لەرێگەی لیژنەی پزیشکییەوە بیسەلمێنێت کەلێدراوەو شایەتی هەبێ، ئەم حاڵەتەو زۆر حاڵەتی تریش لەو یاسایەدا کەکاری پێدەکرێت وادەکات ژنان ئومێدیان پێنەبێت گەر نەشزانن دەقەکان چۆننو چی تێداهاتوە ئەوە دەزانن کەدابینکردنی مافەکانی ئەوانی تێدانەهاتووە.

**ئاین:**

وەك سەرچاوەی یاسا لێرەدا لێی نەڕوانراوە، بەڵكو ژنان وەك پەنایەك شكی دەبەن كەكاریگەری هەبێت بۆ كەمكردنەوەی ئەم حاڵەتانە لەو روانگەیەوەی كەزانایانی ئاینی كەسانێكن لەكۆمەڵگەدا گوێیان لێدەگیرێت.

**ڕێكخراوەكانی ژنان:**

ئەوەی ئاشكرایە كەرێكخراوەكانی ژنان لەكەمكردنەوەو جێگیركردنی پایەی ژنان وەك مرۆڤ كاریان كردوە، بەڵام ناكاریگەری كاری ئەوان بەشێوەیەك كەتەواو لەسەر بونیادی خێزان دابنێتو رەگەكانی توندوتیژی وشك بكات كاریگەریەكی تەواو رێژەیی و بزواوە.

**چەند نمونەیەك لەسەر توندوتیژی:**

**چیرۆكی یەكەم:**

سارا كچێكی گەنجە تەمەنی ٢٥ ساڵانە ئەو كاتەی شووی كردووە لەشەشی ئامادەیی بووە لەسەر داوای كەسو كاری كوڕەكە وازی لەخوێندن هێناوە لەماڵێكدا دەژی لەگەڵ دایكو خوشكو دوو برای هاوسەرەكەی، لەخانوویەكدا ژورێكی هەیە دەڵێت: ژیانم هەر





لەسەرەتاوە نائارام بووە من ناتوانم لەگەڵ ئەو هەمووە بگونجێم سەرەتا شەرمم دەكرد، دەمویست بچم بۆ توالێت كەس نەمبینێ، زۆرم برسییە بەڵام شەرم دەكەم شتێك بخۆم، كەی خۆم بگۆڕم؟ چۆن بچمە حەمام؟ دەمەوێت خەنە لەسەرم بدەم دوو پیاویش لەماڵەكەیە چی بكەم؟ شەرم دەكەمو سەرم لێشێواوە دەبێت دان بەخۆدا بگرم رۆرژێك، دووان بوو بەساڵێك لەگەڵ ئەوان راهاتم، بەڵام سكم نەبوو بۆڵە بۆڵی خەسووەكەم تا ئەو رۆژە درێژەی كێشای كەدشە گەورەكەم دوو مانگ بوو شوی كردبوو منداڵی نەبوو دكتور وتبوی زەحمەتە منالی بێت، هەربۆیە ئیتر بەشێوەیەكی تر ئەم وەزعە بەردەوام بوو، كەهاوسەرەكەم بەهیلاكی لەئیش دەهاتەوە پێیدەووت: ژنەكەت بەیانی سەعات دە لەخەو هەڵدەستێت، ئەمرۆ هەر لەماڵی باوكی بووە، زرە ئەمرۆ یەك ئیشی نەكردوە. ئیتر ئیهانە دەستی پێكردو منیش بێدەنگو ئیهانەی بەردەوام، منیش نازانم چاوەڕێی چیم؟؟ دایكیشم كەدەڵێ روومان رەش نەكەیتو جیابیتەوە هەر چاوەڕێم.

**چیرۆکی دووەم:**

تەمەنم سەرو (٤٠) ساڵە ( ٤) مناڵم هەیە، من رۆژم لەگەڵ (ژنت بەسەر دێنم) دەکردەوە تا دەخەوتم من هێندە جوان نەبوم، بەڵام هەر کەشوومکرد خوا رەحمی پێکردم کورم بوو من هاوسەرەکەم بەردەوام دەیوت ژنت بەسەر دێنم ئیتر تەحەمولم نەما دوو مناڵم هەبوو هەموو رۆژ دەیووت ژنێکی جوانت بەسەر دێنم باخەڵی منو شکڵی تۆیان نەوتووە، تەواو کورد دەڵێ " پێوەدان لەگیزە گیز باشترە " وتم بیهێنە برۆ بیهێنە دەزانی ژن چ کاتیك داوا دەکات ئاوا ماڵی خۆی کاول بکات ئیتر پێم نەما ئەویش شانازی دەکرد لەلای هاورێو میوانەکان دەیووت خۆی بۆم دێنێتو رازیە ئاخر چۆن رازی نەبم هەر کەدەمی دەکردەوە قسەی تریشی بکردایە من وام دەزانی دەڵێت ژنت بەسەر دێنم هەر زوو کچێکیان بۆ دۆزییەوە هەرگیز ناتوانم باسی وەزعی خۆم بکەم لەیەکەم بینینی هەویەکەمو مەراسیمی گواستنەوەی، ئەوە باشە بۆ خوا نەیکوشتم ساڵێك بەیەکەوە بوون ئێمەش بەجیا دەژیاین ئەویشی تەڵاقداو جارێکی تر هاتەوە ماڵەوە خۆ من مردم ئیتر بۆنەیەتەوە با منداڵەکانیش بێتەربیەت نەبن کەهاتەوە



توندوتیژی هەست پێکراو
هانا شوان

ئەو قسەیەی نەمابوو، بەڵام من هەر لەگوێمدا دەزرنگایەوە، دوو منداڵی تریشم بوو بەڵام هەر هەستدەکەم وەك مقەبا دێمو دەڕۆم کەدەشچمە سەر بەرماڵەکە دەڵێم خوایە چیم کردبوو.

**چیرۆکی سێهەم:**

جارێکی تر چوویتە دەرەوە بێ ئەوەی بزانم وائەکات تەلاقت بەم ئەزانی؟ ئەمە قسەی ئەو بوو چەند مانگێك پاش هاوسەرگیریمان ئیتر چوونە دەرەوە بەهەموو شێوەیەك قەدەغەیە ، کەس بینین کەئەو لەماڵ نییە قەدەغەیە قسەکردن لەگەڵ هاورێکانم تەنها دەبێت بەبەرچاوی ئەوەوە بێت.

باوکی کچێکی هاورێم مردبوو شەو داواکاریم پێشکەشکرد کەبەیانی لەگەڵ کچانی خزماندا دەچین بۆ ئەوێ، کێیەو؟ باوکی کێیە؟ چۆن دەیناسی؟ لەگەڵ کێ دەچی؟ ماڵیان لەکوێیە؟ هەموویم وەڵام دایەوەو لە ناخیشەوە دەکوڵێم ئاخر بۆ دەبێت وابکات، هیچم نەکردووە، بەڵکو هەموو ئەو سنورە ئەستورانەی دایناوە نزیکی نەکەوتومەتەوە بوومەتە شتێکی ماڵەکە هەروەك شتەکانی تر چۆنی بوێ دەمجوڵێنێ ئیتر ئەو

بەیانیە رۆیشتم لەگەڕانەوەمدا ئەوم بینی، باشە دەوامی هەبوو چی ئەوی هێنایە ئێرە؟ چەند تەریق بوومەوە کەکچەکان لەگەڵم بوون بینیان هەر مردم خۆم گرت شەو دەیزانی چەند بێزارم بەسوعبەتەوەو پێکەنی وتی هەر لەماڵ دەرچویت بەدواتەوە بووم تەواو شێت بووم، بەڵام بڵێم چی هیچو هیچ هەموو رۆژێك رووداوێكی هاوشێوە روودەداتو ژیانی منیش زنجیرەیەك ترسبوو لەگومانەکانی ئەو.





**سەر ئەنجام:**

لەرێگەی ئەم هەنگاوەوە دەتوانین لەدەردێکی کۆمەڵایەتی بدوێین کە لەسەرجەم کۆمەڵگاکاندا هەیە، بەڵام بێگومان بەشێوەو رێژەی جیاواز ئەویش توندو تیژیە بەرامبەر ژنان، کەتوندو تیژییەکە نابینرێت، بەڵام هەستی پێدەکرێتو قوربانییەکانی ئەو جۆرەش لەتوندوتیژی بەدرێژایی ساڵەکان برینێك دەکەوێتە پانتایی رۆحیانەوە کەچارەسەرکردنی یان سارێژبوونی ئەو برینە کارێکی ئاسان نییە، کێشەکە لەوەدایە کە لەکۆمەڵگای ئێمەدا ژن تەنها هەست بەنیگەرانییەك دەکەن کەنازانن سەرچاوەکەی لەکوێوەیە لەبەرئەوەی ئەوان درك بەوە ناکەن کەتوندوتیژییەك هەیە جگە لەلێدانو هەڕەشەکردنو کردنەدەرەوە کە لەبەرامبەر ئەودا پیادە دەکرێت.

جێگەی ئاماژە بۆکردنە کەهەڵمەتەکانی وشیارکردنەوەو رۆشنبیریکردنی ژنان گەر بەشێوەیەکی رێکخراو بێت کایگەرییەکی بەرچاویان لەگۆڕینی ئەوحاڵەتەدا دەبێت.

**سەرچاوەكان:**

١. لە گەڵ عەقڵی خۆرئاواد،  و: ئازاد بەرزنجی

٢. هزری نا توندوتیژی رامین جیهانبگلو، و: مراد حەكیم

٣. ئاغاو شێخ و دەوڵەت، مارتن ڤان برونسن، و: كوردۆ عەلی

٤. كۆمەڵناسی كوردەواری ، د.حوسەینی خەلیقی، بەرگی بەكەم

٥. مرۆڤ و دەوروبەر ، مەسعود محەمەد، بەرگی سێهەم.

٦.عەقڵی خێڵ، بێستون شەوكەت

٧. دەروازەكانی كۆمەڵناسی، مەنۆچێهر حوسەینی و: رێبوار سیوەیلی

٨.المجتمع، الجزء الثالث، ر.م ماكیڤر تشارلز بیدج

٩.علم المشكلات الاجتماعیە، العنف سلوك مكتسب د. معن خلیل

١٠. المفهوم التاریخی لقضیة المراة، عزیز السید جاسم

١١. المثقف وقضایا الدین و المجتمع، فیصل العوامی

١٢. دراسة فی طبیعة المجتمع العراقی، د. علی الوردی

١٣. السلوك التنضیمی مفاهیم واسس سلوك الفرد فی الجماعة و التنضیم،  د. كامل محمد مغربی





١٤. حق المراة بین مشكلات التخلف الاجتماعی و متطلبات الحیاة الجدیدة ، عزیز السید جاسم.

١٥. التفكیر الاجتماع نشاتة و تطورة، د. زیدان عبد الباقی

١٦. المراة دورها ومكانتها فی حضارة وادی الرافدین ثلماستیان عقراوی

The Summary on the Research:

Unusual violence but sensible is one of the psycho Violence's which can be seen in all human society, Including Kurdish also against woman. But in Kurdish society there are some reasons which affect the type and ratio of violence in families. In this research there is an effort to draw a clear picture for this phenomenon in Kurdish society. For this purpose I tried to take the opinion of (five hundred) married women through filling a form included the ways of violence done against them, this means psycho violence that don't leave the mark or sign of pain on body but long lasting one on mind. The form included exactnesses like, how she married, her age when she married and how she dealt with marital life. Reader or researcher could makes this research as beginning (Base) to understand the life of the husband and wife, psycho violence styles, understanding each and the outcomes of psycho violence (In Sulaimania, which is the area of the research). Its aim is revealing the problem that women suffered with, and more dangerous than this a number of woman. Couldn't feel or know it. Men, the side who started those kind of violence's; they get their aim by enforcing the opposite side to do what they want without even their wife could feel it. The big problem is the psycho outcomes of those violence's are, so deep that treating it is too hard with the awareness less of women.